وەزیری دەرەوەی سوریا فەیسەل مقداد ڕۆژی شەممە دەگاتە بەغدا بۆ سەردانێکی فەرمی



بەگوێرەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئەحمەد ئەلسەحاف، وەزیری دەرەوەی سوریا فەیسەل مقداد ڕۆژی شەممە دەگاتە بەغدا.

سەحاف لە بەیاننامەیەکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی عێراق ڕایگەیاند، مقداد ئەمشەو دەگاتە بەغدا بۆ دەستپێکردنی بەرنامەی سەردانێکی بەیانی یەکشەممە.

وەزیری دەرەوەی سوریا لەگەڵ هاوتا عێراقیەکەی فوئاد حوسێن کۆدەبێتەوە، هەروەها لەگەڵ هەرسێ سەرکایەتیی (کۆمار و حکومەت و پەرلەمان) و سەرکردەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری کۆدەبێتەوە.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئاماژەی بۆدا سەردانەکە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان بەغدا و دیمەشق و ڕۆڵی عێراق لە گۆڕانەوەی سوریا بە شێوەیەکی خێرا لە کەنداوی عەرەبیدا.

هەروەها هەردوو وەزیرەکە گفتوگۆ لەسەر چەندیەتی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان دەکەن بە ئاوڕی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی دراوسێدا بگونجێت.